خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2017/1/12 ژمارە (5190)

هێمن هەورامی پێشوازی لە شاندێکی پارتی FDP دەکات

هێمن هەورامی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە تۆبیاس هووخی ڕاوێژکاری سیاسی و کریستیان لیندنا سەرۆکی پارتی دیموکراتی لیبراڵی ئازادی ئەڵمانیای فەدەراڵ " ئێف. دی. پی" و سەرۆکی ڕێکخراوی ناحکوومی لیبراڵەکان بۆ هاوکاری ئاوارەکان لە بەرلین کرد. هێمن هەورامی، وێڕای خۆشحاڵی بە هاتنی شاندی پارتی دیموکراتی لیبراڵی ئازادی ئەڵمانیا بۆ سەردانی کوردستان و بە تایبەتیش بۆ ئۆفیسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەورامی دوایەرەسەندنە سیاسییەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و قۆناغەکانی شەڕی تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا و بەتایبەتیش پارتە لیبراڵەکان و سۆشیال دیموکرات و میانڕەوەکان لە جیهان خستەڕوو. ئەم سەردانەی شاندی پارتی دیموکراتی لیبراڵی ئازادی ئەڵمانیای بۆ لای پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرەتایەکی باش لە ساڵی تازە وەسف کرد بۆ برەودان بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو "پ. د. ک" و پارتی FDP ئەڵمانیای دۆست و سوپاس و ستایشی گەلی کوردستان و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئاراستەی گەڵ و حکوومەتی ئەڵمانیا و دامو دەزگاکانی خێرخوازی وڵاتەکەیان کرد، کە لە ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەتیش لە سەرەتای پەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ سەر خەڵک و خاکی هەرێمی کوردستان پشتیوانییەکی بەهێزیان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لە پێشمەرگەی کوردستان کردووە، بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، کە مەترسیدارترین ڕێکخراوی تیرۆریستی جیهانییە و هەڕەشەن بۆ سەر کۆی مرۆڤایەتی و جیهانی ئازاد و شارستانی و ئاشتی سەقامگیری لە ناوچەکە و جیهان دا. هەروەها بۆ هەموو ئەو پشتیوانییە سیاسییەی کە پارتەکەیان لە پرسی کورد دەکەن و گەیاندنی هاوکارییەکانی مرۆیی کە سەرۆکی ڕێکخراوی ناحکوومی لیبراڵەکان بۆ هاوکاری ئاوارەکان ئەنجامیان داوە لە هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری و بەتایبەتیش دابینکردنی ئاو بۆ کەمپەکانی ئاوارەکان لە هەرێم بەرز نرخاند و هیوای خواست ئەڵمانیا بەردەوام بێت لە پشتیوانی و هاوکاری سەربازی و سیاسی و مرۆیی بۆ هەرێمی کوردستان کە بە هۆی شەڕ و پەلامارەکانی تیرۆریستانی داعش لە بارۆدۆخێکی هەستیار دا زیاتر لە ملیۆنێک و هەشتسەد هەزار ئاوارەی لە خۆ گرتووە و سەرەڕای بڕینی بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە پێویستی بە پشتیوانی بەردەوامی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە بۆ دەربازبوون لەو بارۆدۆخەی کە کوردستان و عێراق و ناوچەکە پێیدا تێپەڕ دەبێت. لەلای خۆیەوە تۆبیاس هووخ، وێڕای بەرزنرخاندنی کەلتووری پێکەوەژیان و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان وخۆڕاگری خەڵکی هەرێم و قارەمانیەتی پێشمەرگەی کوردستان لە تێکشکاندنی ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش و دوورخستنەوەی مەترسیەکانی تیرۆریستی بۆ سەر کوردستان و پێشوازیکردنی حکوومەتی هەرێم لە ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی ئاوارەی شەڕی داعش و دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە کوردستان دا بەرز نرخاند و هیوای خواست وڵاتەکەی بەردەوام بێت لە پشتیوانی بەردەوامی هەرێمی کوردستان دامەزراوەکانی و ئەم سەردانەشی بە سەرەتایەک دانا بۆ برەودان بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی لیبراڵی ئازادی ئەڵمانیای فیدراڵ و پارتی دیموکراتی کوردستان. .

د. کەمال کەرکووکی: حەویجە بەشێکە لە خاکی کوردستان و نابێ چەکدارانی تێیدا بمێنن

بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند، کە شارۆچکەی حەویجە بەشێکە لە خاکی کوردستانی باشوور و نابێ چەکدارانی ڕێکخراوی توندڕەوی داعش تێیدا بمێنن.

کەمال کەرکووکی، بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی ڕایگەیاند، ماوەیەکە چەکدارانی داعش لە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە کەوتبوونە جموجۆڵ، بەڵام هەواڵگریی پێشمەرگە شوێنەکانیانی ئاشکرا کرد کاتژمێر 9ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە 1/11/2017 فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، بۆردومانیان کردن. کەمال کەرکووکی ئاماژەی بەوەدا کە خۆیان لە سەنگەرەکانەوە تێکشکانی هەمەر و ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکانی داعشیان لە ئەنجامی بۆردومانەکە بینیوە، بەڵام نازاندرێ ژمارەی کوژراوانی ڕێکخراوەکە چەندە، بەڵام پیلانەکەمان پووچەڵ کردنەوە. بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک هەروەها ڕایگەیاند کە داعش بەردەوام مەترسیدارە بۆ سەر کوردستان و نابێ پشتگوێ بخرێت، ئێمە چەند ڕۆژە بە وردی چاودێرییان دەکەین، زانیارییەکانمان ورد بوو، ئەگەر ئەوەمان نەکردایە، ڕەنگە زیانیان بە چەند شوێنێک بگەیاندایە. کەمال کەرکووکی هەروەها باسی لەوە کرد کە سارۆچکەی حەویجە لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک خاکی کوردستانە و نابێت تیرۆریستانی داعشی تێدا بمێنێت، دەبێت پاک بکرێتەوە. هەروەک بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایگەیاند، تێپەڕینی هێزە عێراقییەکان بەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە پێویستیی بە ڕێککەوتنە لەگەڵ پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان و ژاپۆن ڕێککەوتننامەیەک واژوو دەکەن

بەپێی ڕێککەوتننامەکە حکوومەتی ژاپۆن کەلوپەلی پاککردنەوەی تەقەمەنیی بۆ دەزگای مین دابین دەکات

بەمەبەستی هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ژاپۆن لە ڕێگای کونسوڵی خۆی لە عێراق، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژوو کرد، ئەم ڕێککەوتنە پرۆژەیەک لەخۆدەگرێت کە تێیدا حکوومەتی ژاپۆن هەڵدەستێت بەدابینکردنی کەلوپەلی پاککردنەوەی تەقەمەنیی بۆ دەزگای مین، چونکە لە ئەنجامی ئەو جەنگانەی لە ساڵانی شەستەکانەوە تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بووەتە هۆی پیسبوونی ڕووبەرێکی فراوان لە خاکی هەرێمی کوردستان و ئەم پرۆژەیەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی چالاکییەکانی پاککردنەوەی پاشماوەی جەنگی کە لە 11 کێڵگەی مین بە ڕووبەری 424 هەزار مەتردووجا ئەنجام دەدرێت و تێیدا 21 هەزار و 650 کەس لێی سوودمەند دەبن. لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکان، فەلاح مستەفا و گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەفین دزەیی و سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین، محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل و وەزیری دەوڵەتی ژاپۆن بۆ کاروباری دەرەوە، کینتارۆ سونۆرا و باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق، فومیۆ ئیوای کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو. دوای کۆبوونەوەکەش ڕێککەوتنێکی لێکتێگەیشتن لەنێوان سەرۆکی دەزگای گشتی کاروباری مین، محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل و باڵیۆزی ژاپۆن لە عێراق، فومیۆ ئیوای واژووکرا. ئەم ڕێککەوتنە بریتی بوو لە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی بەخشین و هاوکاری بەبڕی 833 هەزار و 329 دۆلار کە لەلایەن حکوومەتی ژاپۆنەوە دەبەخشرێتە هەرێمی کوردستان. دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەلاح مستەفا تیشکی خستە سەر ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە و گوتی: سەرەتا دەستخۆشی لە حکوومەتی ژاپۆن دەکەم کە دووەمجارە هاوکاری دەبەخشن بەهەرێمی کوردستان بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی کوردستان لە تەقەمەنی و هیواداریـن ئەم هاوکارییانە بەردەوام بن. ئەمڕۆ دوو بۆنە هەیە کە ئاماژەیە بۆ بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ژاپۆن، یەکێکیان واژووکردنی ڕێککەوتننامەی لێکتێگەیشتنە و ئەوەی دیکە کردنەوەی کونسوڵخانەی گشتی وڵاتی ژاپۆنە لە هەرێمی کوردستان، ئێمە ئاگاداری مێژووی وڵاتی ژاپۆنین و دەمانەوێت سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتە وەرگرین. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا وەزیری دەوڵەتی ژاپۆن بۆ کاروباری دەرەوە، کینتارۆ سونۆرا گوتی: خۆشحاڵین وەکو حکوومەتی ژاپۆن سەردانی هەرێمی کوردستانمان کردووە و ڕێککەوتنێکی لێکتێگەیشتنمان واژووکردووە بەمەبەستی پاککردنەوەی ناوچەیەکی فراوان لە هەرێمی کوردستان لە مین و تەقەمەنی و هیوادارم بتوانین پەیوەندییەکانمان بەرەو پێشتر ببەین و ئێمەش وەکو حکوومەتی ژاپۆن بەردەوام دەبین لە هاوکارییەکانمان بۆ حکوومەتی هەرێم. جێی باسە دەزگای مین، دەزگایەکی حکوومییە و لە ساڵی 2004 دامەزراوە، ئەو دەزگایە بەرپرسە لە نەخشەدانان و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان و ڕاهێنان و گشت چالاکییەکانی پەیوەست بەکاروباری مین.

لەسەر پێشنیازی مالیکی کارەبای ناوچە کوردستانییەکان دەبڕدرێت

بەرپرسی لقی پارتی خانەقینی پارتی دیموکراتیی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە لەسەر پێشنیاری سەرۆکی حزبی دەعوەی ئیسلامی، لە ئێرانەوە بڕیار لەسەر بڕینی کارەبای ناوچە کوردستانییەکان دراوە. شێخ جەعفەر مستەفا، بەرپرسی لقی خانەقینی پارتی، بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندوە لە کۆی 24 کاتژمێر، ئێستا تەنیا 2کاتژمێر کارەبا بە خانەقین دەدرێت، لە کاتێکدا خەڵکی هەموو ناوچە کوردستانییەکان شایەتیی ئەوە دەدەن کە دوای سەردانی نووری مالیکی بۆ ئێران، پێشنیاری بڕینی کارەبای ئەو ناوچانە کراوە. ئەوەشی ڕوون کردەوە کە حکوومەتی ئێران داوای یەک ملیار دۆلار پارەی قەرز لە عێراق دەکات، تا ئەو پارەیەی پێ نەدرێت، کارەبای ناوچەکە نادات. پێشتر سامی جیهان، بەڕێوەبەری دابەشکردنی کارەبای خانەقین، بەئاژانسەکەی ڕاگەیاندبوو هەردوو حکوومەتی عێراق و ئێران، ڕێککەوتنێکی 10 ساڵەیان بۆ ناردنی کارەبا لە ئێرانەوە بۆ عێراق واژۆ کردووە، بەپێی ڕێککەوتنەکە، 1200 مێگاوات کارەبا لە چرکەیەکدا دەنێردرێت کە لەو بڕەدا، 80 تا 100 مێگاواتی بە خانەقین دەدرێت، بەڵام لەلایەن ئێرانەوە ئەو کارەبایەی بۆ خانەقین دەنێردرێت، بڕدراوە.

عێراق.. ژمارەی ئاوارەکان گەیشتە 173584 کەس

گوتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، ستار نەورۆز ڕایگەیاند کە ژمارەی ئاوارەکان بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە، 173584 کەس. لە بەیاننامەیەکدا کە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران بڵاوی کردووەتەوە، ستار نەورۆز ئاماژەی بەوە داوە کە ئەمڕۆ تیمی وەزارەتەکەیان پێشوازیان لە دوو هەزار و 320 کەس کردووە کە لە ناوچەکانی حەویجە سەربە پارێزگای کەرکووک و ناوچەکانی تەل عەبتە، قوسیات، تلکێف و قەراج لە سنووری پارێزگای نەینەوا و گەڕەکانی سۆمەر، نەبی یونس، فەڵەستین و غەفران لە شاری مووسڵ ئاوارە بوون. گوتەبێژەکە ئاماژەی بەوەشدا کە لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، ژمارەی ئاوارەکان گەیشتووەتە، 173584 کەس.

هاوکاریی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت

ژەنەڕاڵ ئێرنی ئۆدینۆ: یەکگرتوویی کورد زۆر گرنگە بۆ بارودۆخی دوای ڕزگارکردنی مووسڵ

ئێرنی ئۆدینۆ ژەنەراڵی خانەنشینکراوی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت، ئێستا یەکگرتوویی کورد زۆرگرنگە، چونکە دوای ڕزگارکردنی مووسڵ هەوڵدەدرێت ناکۆکی بخرێتە نێوانیان دەشڵێت، پێم وایە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕاستەخۆ چەک بە پێشمەرگە دەدات و کەس لە ئەمریکا دژی سەربەخۆیی کوردستان نییە. ئێرنی ئۆدینۆ گوتی: هاوکاری ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، چونکە چەند بەرژەوەندییەکی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان هەیە، یەکێک لەوانە داعش بە بێ کوردەکان تێک ناشکێت، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەیەوێت زیاتر پەرە بە دیموکراسی بدات، هەرێمی کوردستانیش یەکێک لەو ناوچانەی کە بەرەو دیموکراسی دەڕوات، خاڵێکی دیکە بە دەست هێنانەوەی هێزی ئەمریکا لەناوچەی کەنداو، سەربەخۆیی کوردستانیش ئەم بیرۆکەیە بەهێزتر دەکات، یەکێکی دیکەش لەخاڵەکانی دەستگەیشتنە بە وزە کە هەرێمی کوردستان خاوەن وزەییە. سەبارەت بە سیاسەتی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا ئێرنی ئۆدینۆ گوتی: دۆناڵد ترەمپ دانی بەوەداناوە کوردەکان هاوپەیمانی بەهێزی ئەمریکان، پێموایە ئیدارەی نوێی ئەمریکا ڕاستەوخۆ چەک دەداتە پێشمەرگە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، ئەمەش کات پێمان دەڵێت چۆن ڕوودەدات. ئەوەشی خستەڕوو: لە سیاسەتی ناوخۆ هەندێک گۆڕانکاری بە شێوەیەکی خێرا لە ئیدارەی ئەمریکا ڕوودەدات، بۆ سیاسەتی دەرەوە هەندێک کاتی دەوێت. ئۆدینۆ گوتیشی: یەکگرتووی کوردستان زۆر گرنگە، ئێستا ئەو کاتەیە کە دەبێ کوردەکان یەکگرتوو بن، چونکە دوای ئازادکردنەوەی مووسڵ پێموایە هەندێک هێزی دەست دەکەن بە ناکۆکی و لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکانی کوردستان، ئەمریکا دانی بەوەداناوە کە کوردەکان چیان کردووە و خەڵکی ئەمریکا لەگەڵ کورد هاوسۆزن، ئێستا کاتی ئەوە نییە کوردەکان پەرتەوازە بن. ئاماژە بۆ ئەوەشکرد: پێویستە ئەمریکا بنکەیەکی سەربازی لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێ، چونکە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕووی سەربازی و لۆجستییەوە بڕیارێکی زۆر عەقڵانییە. لەبارەی گۆڕانکاری لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەربەخۆیی کوردستان ئێرنی ئۆدینۆ گوتی: گفتوگۆی باش هەیە لە واشنتن کە دەبێ کوردەکان بڕیاری ریفراندۆم بدەن و ببنە وڵاتێکی سەربەخۆ، باوەڕناکەم هیچ کەسێک لە واشنتن دژی ئەمە بوەستێتەوە.

مارک تۆنەر: قەرزی سیادی بۆ هەموو عێراقییەکانە بە هەرێمی کوردستانیشەوە

جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی بەشی هەرێمی کوردستان لەو ملیار دۆلارەی کە بڕیارە واشنتۆن وەک قەرز بیداتە عێراق ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان بەشی خۆی لەم قەرزە وەردەگرێت، بێ ئەوەی وردەکارییەکانی ئاشکرا بکات. لێدوانی مارک تۆنەر لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووسان لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هات کە پرسیاری لەبارەی پشکی هەرێمی کوردستان لەو قەرزە سیادییەی بۆ عێراق لێکرا، لەکاتێکدا لەبارەی بودجەی ئەو وڵاتە ڕێککەوتنێکی ڕاستەقینە نێوان هەردوو لا (بەغدا و هەرێم) نییە. لەمبارەوە گوتی: ئەوە پرسێکی ناوخۆیی عێراقە و لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بە هاوکاری بێ وێنەی نێوان بەغدا و هەولێر بۆ شەڕی دژی داعش و ڕزگارکردنی مووسڵ کرد. هیواداریشە ئەو قەرزە سیادییەی بە عێراق دەدرێت یارمەتی حکوومەتی عێراق بدات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هەموو عێراقییەکان، بە هەرێمی کوردستانیشەوە. جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی پرسیارێک دیکەی پەیوەندیدار ئەگەر بەغدا بەشی هەرێمی کوردستان لەو قەرزە نەدات، گرەنتی قەرزێکی هاوشێوە بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن گوتی: پێم وا نییە لەم خاڵەدا بین، بە پێویستیش نازانێت، بەڵام هیوادارە ئەو قەرزە کە ڕێککەوتنی لەسەر کراوە سوودی بۆ هەموو عێراقییەکان هەبێت، لەوانە خەڵکی هەرێمی کوردستانیش. پێدانی قەرزی نێودەوڵەتی بە عێراق، بەتایبەتی قەرزی یەک ملیار دۆلاری ئەمریکا لە کاتێک دایە کە بەغدا و هەولێر لەسەر چۆنیەتی پێدانی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق ڕێک نەکەوتوون و هەولێر پابەندی پرۆژەکە نەبوو کە بەپێی بودجەکە دەبوایە لە سەرەتای ساڵەوە ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیلی نەوت ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات، لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەو بەشەی لە بودجەدا بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراوە. بێجگە لە فراکسیۆنی پارتی تەواوی فراکسیۆنە کوردییەکان دەنگیان بەو مادەیەدا کە تایبەتە بە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی شایستە داراییەکانی پێشمەرگە.